**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٥٩٥ لە ٢٠٢٥/٤/٢٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (سێیەم) ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، وە بڕگەی(هەژدەیەم) لە ماددەی (٢) و بڕگەی (ب) لە ماددەی (١٠٥) لەیاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥
## تایبەت بە ماڵی ژنانی بێ لانە

**ماددەی(١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**سێیەم: ژنانی بێ لانە:** ئەو ژن و کچانەی شوێنی حەوانەوەیان نیە و لە خێزانەکانیان دابڕاون وهەڕەشە لەسەر ژیانیان نیە.

**چوارەم: ماڵ:** ماڵی ژنانی بێ لانە.

**پێنجەم: لیژنە:** لیژنەیەك كە لەماڵ پێكدەهێنرێت بەسەرۆكایەتی بەرپرسی هۆبە و (٢) دوو فەرمانبەر.

**ماددەی(٢): ئامانج**

دابین کردنی ماڵێکی ئارام و شایستە بۆ ژنانی بێ لانە و شیاندنیان بۆ تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە.

**ماددەی(٣):**

**یەکەم:** وەزارەت هەڵدەستێت بە کردنەوەی ماڵ وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئیدارە سەربەخۆکان سەرپەرشتی دەکرێن.

**دووەم:** بەرپرسی هۆبە پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری کارگێری یان کۆمەڵایەتی یان یاسایی و شارەزایی کەمتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ و چەن فەرمانبەرێك هاوکاری دەبن لەبەڕێوەبردنی ماڵ.

**سێیەم:** سەرجەم فەرمانبەرانی ناوماڵی حەوانەوە لە ڕەگەزی مێ دەبن.

**ماددەی(٤): وەرگرتن و دەرچوون لە ماڵەکان:**

١- لە ڕێگەی لیژنەوە دەبێت.

٢- لە لایەن دادگاوە بەمەرجێك هیچ کێشەیەکی یاساییان نەبێت.

**ماددەی(٥): مەرجەکانی وەرگرتن و دەرچوون:**

**یەکەم:** مەرجەکانی وەرگرتن:

١- ژنان یان کچانی نێوان (١٨ بۆ ٥٥ساڵ).

٢- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێ.

٣- هیچ هەڕەشەیەك لەسەر ژیانی نەبێت.

٤- تیوەنەگلابێت بەکاری بەدڕەوشتی و لەشفرۆشی.

٥- نەخۆشی گواستراوەی نەبێت.

٦- نەخۆشی دەروونی نەبێت.

٧- ئالوودە نەبێت بە ماددەی هۆشبەر.

**دووەم:** مەرجەکانی دەرچوون:

١- پەیدا بوونی لانە.

٢- سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکانی ماڵ پاش ئاگادارکردنەوەی یەکەم.

٣- ئەنجامدانی هەڵسوکەوتێك ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن بە ماڵ و سوودمەندان.

٤- لەدەستدانی مەرجێك لە مەرجەکانی وەرگرتن.

**سێیەم:** پێشینەی وەرگرتن بۆ ژنانی هەرێم دەبێت.

**ماددەی(٦): خزمەتگوزارییەکانی ماڵ :**

١- دابین کردنی شوێنێکی گونجاو.

٢- دابین کردنی جل وبەرگ و پێداویستیە بنەڕەتیەکان.

٣- پێشکەشکردنی سێ ژەمە خواردنی ڕۆژانە.

٤- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی.

٥- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

٦- هاوکاریکردنی سودمەندان بۆ بەدەستهێنانی هەلی کاری گونجاو.

٧- بەشداری پێکردنی سودمەندان لە خولی ڕاهێنان وشیاندن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٨- پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی تایبەت لەکاتی پێویست.

٩- چاودێریکردنی منداڵانی سودمەندان لەبواری پەروەردە و تەندروستی.

**ماددەی(٧): منداڵانی سودمەندان:**

**یەکەم:** لەگەڵ دایکیان دەمێننەوە.

**دووەم:** منداڵانی کوڕ تاکو تەمەنی (٦) ساڵی دەمێننەوە.

**سێیەم:** بەدەر لە بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە لەکاتی هەبوونی جێگای جیا و گونجاو منداڵانی کوڕ سەرووی (٦) شەش ساڵی لەگەڵ دایکیان دەمێننەوە.

**ماددەی(٨): ماڵ هەڵدەستێت بە:**

١- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانەی کار و چالاکییەکانی ماڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئیدارەسەربەخۆکان.

٢- دەوام لە ماڵ (٢٤) کاتژمێری و بە (٣) سێ شیفتی فەرمی دەبێت.

**ماددەی(٩):**

کاربکرێت بۆ گەڕاندنەوەی سودمەندان بۆ پارێزگاکانی خۆیان.

**ماددەی(١٠):**

دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ ماڵی حەوانەوە بۆ ژنانی بێ لانە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی(١١):**

ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێکردن دوای دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**